فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان شەش مانگ پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران و بۆ ماوەی دو ساڵیش پلەی کارمەندانی پۆلیس دەردەکات



محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بەبۆنەی ڕۆژی سەرکەوتنەوە بۆ ماوەی شەش مانگ پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران و بۆ ماوەی دو ساڵیش پلەی کارمەندانی پۆلیس پێشدەخات. عەمید مقداد میری وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، محەمەد شیاع سودانی بڕیاریداوە شەش مانگ پلەبەرزکردنەوەی سەرجەم ئەفسەران پێشبخات و شەش مانگ پێش وادەی خۆیان پلەکانیان بۆ بەرزبکاتەوە.

سەبارەت بە کارمەندانی پۆلیس، وتەبێژەکەی وەزارەتی ناوخۆ باسی لەوەکردوە، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەرەکاندا بڕیاریشداوە بۆ ماوەی دو ساڵ بەرزکردنەوەی پلەی سەرجەم کارمەندانی پۆلیس پێشبخات.